www.kurdistannet.org
25-9-2006 9:06 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# میدیا و هونەرمەندان... شێرکۆ عرفان

بۆ
یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان، سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان
تەلەفزیۆنی کوردسات
سایتی کوردستان نێت، سایتە کوردییەکانیتر
ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ
گشت میدیا کوردییەکان
بەڕێزان.

نامەوێ وەک زۆر بابەتی تر کە بڵاو دەبێتەوە بە شێوەی تەقلیدیی دەست پێ بکەم؛ زۆر بە کورتی: ڕۆژی کۆنفرانسی یەکگرتنەوەی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان و سەندیکای هونەرمەدانی کوردستان، سێ کەڵەهونەرمەندی شاری سلێمانی (مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی، مامۆستا عادل، کاک دیاری قەرەداغی)، لەکاتێکا بە ڕێگەوە بوون بەرەو هەولێر بۆ ئامادەبوون لە کۆنفرانسی یەکگرتنەوەدا، توشی کارەساتی ئوتۆمۆبیل بوون و سەخت زامار بوون. تەنها ڕۆژی یەکەم هەواڵەکە بیسترا لە میدیا کودرێکانەوە، بەڵام دوای ئەو ڕۆژە، هیچ هەواڵێکی کە بڵاو نەکرایەوە دەربارەی تەندروستی ئەو هونەرمەندانە، لەکاتێکدا خاڵکی بە پەرۆشەوە، چاوەڕوانی زیاتری دەکرد. من لێرەدا دەمەوە پرسیارێ ئاراستەی گشت لایەک بکەم. ئایا ئەم هونەرمەندانە، شایانی ئەوە نیین، کە خەڵکی هەواڵیان بزانێت لە ڕێی میدیاکانەوە؟ لە کاتێکا کە میدیاکان بە چەندیین هەواڵی پڕوپوچەوە خۆیان خەریک کردووە؟ هەواڵ بڵاو دەکرێتەوە (فلان کەس ساڵێک زیندانی کرا) لەسەر چی؟ خۆ لەسەر کوردایەتی نەبووە!!!!! نەچووە کارێکی وا بکات، خزمەت بە میللەتەکەی بگەیەنێت، وەیا هەواڵ بڵاو دەکرێتەوە فلان کەس کلیپێکی کردووە بە ناوی... لە وڵاتێکی عارەبی تۆمار کراوە کە گوێت لێ دەبی وادەزانیت لە میسر و لوبنانییت، زۆری تریش لەو بابەتانە.

ئایا کام لەو هونەرمەندانەی کە ئێستا بە ئازاری گیانیانەوە دەتلێنەوە لە نەخۆشخانەی سلێمانی کارێکیان کردووە، دووربێت لە خزمەتکردنی میللەتەکەیانەوە؟ هەر کاک ئەنوەر بوو جگە لە بوارەکانی گۆرانی و میوزیکی کوردی چەندەها سرودی کوردایەتی لە ناودڵ و ناخی نەوەکاندا جێگیر کردووە، شوێن پەنجەی ئەو کەلە هونەرمەندە لە هەموو بوارە هونەرییەکاندا وەک مانگی چواردە دەدرەوشێتەوە، تەلەفزیۆن، شانۆ، فێستڤاڵەهونەرییەکان، پێگەیاندنی سەدەها و سەدەها هونەرمەند، یان هونەرمەندان کاک دیاری و کاک عادل هەر یەکە لەمانیش، هەمیشە بۆ خزمەتکردنی هونەری کوردی خۆیان تەرخان کردووە.

بەداخەوە میدیای کوردی، چەندە لاوازییت، چەند نەزانییت لە گوڵبژێرکردنی بابەت و هەواڵەکاندا، نەتتوانیوە وا لە خوێنەر بکەیت، پەیوەستت بێت و نەتوانێت جێت بهێڵێت، خۆزگە ڕۆژێک دەهات بە دڵی خۆتان شتتان بڵاو نەدەکردەوە؛ بەڵکو بەدڵی خوێنەر.

یەکێتی هونەرمەندان، سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان!!!! ئەی دەنگی ئێوە کوا؟ نەتان دەتوانی ڕۆژانە هەواڵی ئەم هونەرمەندانەتان لە سایت و گۆڤارەکاندا بڵاوبکردایەتەوە؟

ئای بەداخەوە چەند شتی خۆماڵی بێقەدرە، ئەوە ئەگەر، هونەرمەندێکی دەرەوەی کوردستان بونایە، ڕۆژ نەدەبوو هەواڵیانمان نەبیستایە. هەرئەوەندە دەڵێم، زۆر زۆر بەداخەوە هێشتا فێری ئەوە نەبووین، چۆن ڕێز لە بوونی خۆمان بگریین، بۆیە تا ئێستا هەر لە شوێنی خۆمان ڕاوەح دەکەین و ئەوەی لە دوامانەوە بوون ئێستا بە سەدەها ساڵ لە پێش ئێمەن، چونکە ئەوان ڕێزی تاکیان لابوو.